


# کەسێک لە پشت ئەم پەیڤانە سیگار دەکێشێ

هاشم سەڕاج

بەهرەیەک لە نێو دەقەکانی (ڕابەر فاریق)دا بەدی دەکرێت، پڕاوپڕ لە جووڵە و لەنجەی ڕەمەکی و دارِژانی مۆسیقای شیعری، تا دێ هێزی ئەم بەهرە و توانایییە ئاوێتەی تەنیاییەک دەبێت، لێوانلێو لە دڵەڕاوکێ. (کەسێک لە پشت ئەم پەیڤانە سیگار دەکێشێ)، ئەمە ناوونیشانی کتێبە شیعرییەکەی (ڕابەر فاریق)ـە، بەڵام ئەو کەسە ون و نادیارە کێیە، کە بە تەنیا لە پشت ئەم پەیڤانەوە دانیشتووە و سیگار دەکێشێ و چێژ لە کردەی خوێندنەوە و نووسین وەردەگرێت؟

سیگارکێشان لای (ڕۆڵان بارت) بەر لە هەموو شتێک چێژ وەرگرتنە، بارت لە نووسینێکیدا، ئاماژە بە (کارل مارکس) دەدات و دەڵێت: «کاتێک مارکس سیگار دەکێشێ، بەر لە هەر شتێک (چێژ) لەو کردەی سیگارکێشانە وەردەگرێت»، لێرەدا چەمکی (چێژ) لای (ڕۆڵان بارت) نە چەپڕەوە، نە ڕاستڕەوە، بەڵکوو پێوەندی بە خود و بوونی مرۆڤەوە هەیە، هاوکات، چێژ تەمەن کورت و کەمخایەنە، دواتریش ئازار و نیگەرانی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام چەمکی (چێژ) لە بواری خوێندنەوە و نووسیندا بە هەمان ڕەوت و شێوە، خوێنەر بەرەو خۆدۆزینەوە دەبات و وای لێ دەکات لە میانی پێوەندییە ئاڵۆزەکانی جیهانی دەق و شەپۆلەکانی چێژگەلەوە خودی خۆی بدۆزێتەوە و بانگەشەی (مەرگی دانەر) بکات و بیرکردنەوە و تاسە و خولیاکانی خۆی بنووسێتەوە، چونکە بیرکردنەوە لای (هیگڵ) وابەستەی ڕەوشێکی تەنیایە، هەر لەم ڕوانگەیەوە هەوڵ دەدەم کۆمەڵێک ڕستە و کۆپلەی شیعری لەم ئەزموونە جوانەی (ڕابەر فاریق) وەک (فینۆمینە- دیاردە و خۆدەرخستنی بوون) وەرگرم.

لەو بڕوایەدام، ئەگەر توانایی (ڕابەر فاریق) بەم گوڕوتینەوە

بەردەوام بێت، زیاتر بوونی خۆی دەخاتە بەر ڕۆشنایی (زانین) و توانایی، یان شیعر و بوون، بە ڕەوتێکی فینۆمینۆلۆژی، هەستە ئۆنتۆلۆژییەکانی- بوون- دەنووسێتەوە، چونکە بوون لای (هایدگەر) بنەڕەتی هەموو شتێکە، بەڵام خۆی بێ بنەڕەتە. {بڕوانە: هایدگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی، د. محەمەد کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم}. شیعر (داهێنان)، وابەستەی چالاکییەکانی (دازاین)ـە... دازاین: بوونێکی شاراوە و نەناسراو نییە، بەڵکوو دیاردە (فینۆمینە)یە، بۆیە بە میتودی فینۆمینۆلۆژی دەیناسین و تەفسیری دەکەین. لەم ڕووەوە، فینۆمینۆلۆژی بوونی مرۆڤ- هێرمینۆتیکانەیە، یان بەو جۆرەی (دازاین) خۆی دەردەخات، تەفسیر دەکرێت، (بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو) یان لە هەمان ڕوانگەی (هایدگەر)ـەوە، مرۆڤ بوونێکی بێ ناوەڕۆکە و خۆی هەوڵ دەدات چییەتی خۆی تەواو بکات، چونکە مرۆڤ لە شوێنێکی ترەوە بۆ جیهان تێهەڵنەدراوە، بەڵکوو دازاینە، پاشان، بە هەمان دیدی (هایدگەر)ی، بوونی ڕەسەن، کە بوونێکی خۆناسە و بوونی داگیر نەکراوە، خاوەن بیر و بۆچوون و بڕیاری خۆیەتی؛ با بزانین لە تێکستەکانی (ڕابەر فاریق)دا شاعیر چۆن دەتوانێت نیگەرانییەکانی خۆی بنووسێتەوە.

من لە سەرەتادا گوتم بەهرەیەکی پڕاوپڕ لە لەنجە و جوولە و دەربڕینی ڕەمەکی لە نێو تێکستەکاندا سەما دەکات و گوزارە لە تەنیایی و دڵەڕاوکێیەکی ترسناک دەکات، یان شەپۆلی نیگەرانییەک لە بوونی دازاینەوە سەرچاوە دەگرێت و خەریکە بوێرانە دڵەڕاوکێکانی بوون دەنووسێتەوە:

**من و تۆ وەکو یەک نین**
**ژیان و مردنیش هەروەها. لا٦**

**سیگار دەکێشم و لە خوڕەی ئاو دەتۆڕێم**
**دەستم بەرەو تۆ ڕایەڵ دەکەم**
**ئەی ماسک**
**دووکەڵم پڕ دەبێ لە وێناکانم... لا١٠**

**وەک دوا قەترەی ئاو بە تەوێڵتەوە وشک دەبم**
**ئەی بەردی تۆز**
**لەبەرخۆمەوە دەڵێم: هەڵوەرینم خۆشناوێ**
**مەرگ نا! لا١١**

**بڕوانە چۆن ئەم نێچیرە دەکوژم**
**کە هەردووکمانە. لا١٣**

هەمیشە حەسرەتێکی دایساوی زەینی لە دووتوێیەوە هەڵدەقوڵێت، حەسرەتێک، کە وابەستەی عیشق و خۆشنوودی و جوانییەکانی ژیانە و لە ڕێگەی کۆمەڵێک وێنەی بەرەواژ و ئاوەژووی شیعرییەوە، هەوڵ دەدات زیندانەکانی دەسەڵاتی زمان تێکبشکێنێت و نیگەرانییەکانی - بوون- بنووسێتەوە:

**لەم ژوورەدا هەوا نییە**
**ژیانیش بەردەوامە**
**لەم چۆڵەوانییەی وشەدا**
**بۆ کێ بنووسم، ئەی جریوەی تەم؟**
**مەبەستمە بڵێم: نووسین خولانەوەیە؛**
**تەواف بە دەوری تەرمی خۆماندا. لا١٤ و لا١٥**

**سرووشم بۆ دێ:**
**لە تۆدا گمە گم بەڕێوەیە**
**پیاوێک دەچێتە بەردەم غرووری چرای کات**
**لە مندا سەگ دەکەوێتە حەپە حەپ**
**بێتاقەتی باڵ دەگرێ**
**تونێلێک دەچێتەوە ژێر خۆی... لا١٦**

لای (جان کۆهین) شیعرگەرایی -poetike چالاکییەکانی خۆی دژ بە کەینونەی زمان ئەنجام دەدات، بۆیە دەتوانم بڵێم: بەشێکی

گرنگی شیعرگەرایی لە کردە و پێوەندییە ڕەمەکی و خۆرسک و وارسکییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، واتە: «پێوەندی کردەیی مرۆڤ بە جیهانەوە، پێوەندییەکی فینۆمینۆلۆجییانەی لە پێشترە»... یەکێک لە نووسەرەکان، کە (د. محەمەد کەمال)ـە لە تێزی لێکۆڵینەوەیەکیدا بۆ کتێبی (بوون و زەمان)ی (هایدگەر)، لە مەڕ هەمان پێوەندی کردەیی (نازانستی و فەلسەفی) نموونەی دارتاشێک دەخاتە ڕوو، کە چۆن بە شێوەیەکی ڕەمەکی مامەڵە لەگەڵ شتەکاندا دەکات؛ دارتاشێک لە بەکارهێنانی چەکوش و بیرکردنەوەی لە پێکهاتەی چەکوشەکە، بۆیە ئەم ڕەوش و خەسڵەتە ڕەمەکییە زۆر جار دارڕژانێکی شاراوەی لیریکی بە دوادا دێت، ئەم دارڕژانە ڕەمەکییە لای (ئارتۆر رامبۆ) شەپۆلێک لیریکیەتی شاراوەی بابەتیانەی دروست کردووە، ئەمەش پێوەندی بەو ئیکسیرە شاراوە و ناوەکییەوە هەیە، کە خودی وشە و زمان بە تەزووە جۆراوجۆرەکانی جوانی، بارگاوی دەکات و ڕستێک جیهانبینی تایبەت و جیاواز و خەتەرناک، ئاراستەی بوونی گەردوون دەکرێن، بۆیە دەتوانم بڵێم: تێکستە شیعرییەکانی شاعیر لەم ڕوحی ڕەمەکیەت و خۆرسکە بێبەش نین و (تاڕادەیەک) خەسڵەتی شیعرگەراییان تێدا پارێزراوە، بەڵام دوور نییە فینۆمینەی شیعر لە ئەزموونەکانی داهاتوویدا زیاتر خۆی بخاتە بەر تیشک و پرشنگەکانی زانینەوە، چونکە توانایی لای شاعیر وەک بوونێکی ڕەسەن سەرقاڵی چالاکییەکانی شیعرە، هەڵبەتە بوونی ڕەسەن لە جیاوازی و تایبەتمەندی و تاکێتی خۆی بێ ئاگایە.

لای (هایدگەر) هونەر بە گشتی و شیعریش بە تایبەتی، ناسینی بوون ڕوون دەکاتەوە، یان هەوڵ دەدات لە واتای بوون بگات، بۆیە ئەم ئەزموونە جوانەی شاعیر لای من ئەزموونێکی ئومێدبەخشە و وەک تواناییەکی ڕەسەن هەوڵ دەدات لە ڕێگەی چێژی نادیاری دووکەڵەکانی سیگار و وشەوە، دڵەڕاوکێکانی بوون بنووسێتەوە، تا بۆشاییەکانی بوون- بە چەمکە هایدگەرییەکەی- بە واتای مەرگ پڕ دەکرێنەوە.

ئەم پارچە شیعرە، بە حەسرەت و نیگەرانییەکی پڕ لە چرکەی تەنیایی، ئاراستەی دنیایەکی نادیار و نەزانراو دەکرێت و بۆنی گوڵەشیعرێکی پڕ لە درکەزی (ئارتۆر رامبۆ)ی لێ دەپژێت:

**فاریزەم لە بەردەم هەموو وشەکان دانا**<br>
**نەبووم بە نووسەر**<br>
**لە هەموو کۆڵانەکاندا بە دوای گوناهەوە بووم**<br>
**نەبووم بە شەیتان**<br>
**ڕوحی من هی ئینسان نییە**<br>
**دەبێ بیخەمە زیڵدان**<br>
**جادە هی من نییە**<br>
**دەبێ پێکانمی لێ بدزمەوە؛**<br>
**بڕۆم**<br>
**بۆ شوێنێک**<br>
**کە نازانم کوێیە! ل٢٢**

لە سەرەتای ئەم خوێندنەوەدا، ئاماژەم بە چەمکی (چێژ) لای ڕۆڵان بارتدا، کە لای (ڕۆڵان بارت) چێژ نە خۆرئاواییە، نە خۆرهەڵاتی، نە چەپڕەوە، نە ڕاستڕەوە و نە میانڕەویشە، کەواتە چێژی خوێندنەوە زۆر جار لای (ڕۆڵان بارت) دەگاتە ئاستەکانی ئەنتی مۆراڵ و قاوغی تراتیسۆنەکان هەلا هەلا دەکات و پێوەندیگەلێکی نوێ و جیاواز لە نێوان تاقە وشە و ناوکۆیی ڕستەدا دروست دەبێت، ئیدی تێکست بە وێنەی جەستەیەکی پرشنگدار، شەپۆل شەپۆل لیبیدۆ و پرشنگی ئیرۆتیکی لێ دادەڕژێت.

ئەو چێژە زەین بەرەو بیرکردنەوە ڕادەماڵێت و دەسەڵاتەکانی زمان و ئایدیۆلۆژیا تێک دەشکێنێت، هەروەها ئەو چێژوەرگرتنی خوێنەرە ماسکەکانی هزر و مانا هەڵدەوەشێنێتەوە و

دەلالەتە نەگوتراو و تایبەتییەکان دەدوێنێت و یاری بە چەمکە جیهانبینییەکانی خۆی دەکات.

بوونی شیعر، هەمیشە لە لایەن بوونە ناڕەسەنەکانەوە فەرامۆش دەکرێت، چونکە بوونی ناڕەسەن بوونێکی داگیرکراوە و دامودەزگایەکی تایبەت، یان گرۆیەکی دیاریکراو لە بری ئەو بیردەکاتەوە و بڕیارە پێشوەختەکەی ڕادەگەیەنێت:

**ئەی فەرامۆشی ئەبەدی:**
**لە کاتێکدا هەموو فەرامۆشیان کردم**
**لێ گەڕێ با وشە فەرامۆشم نەکا. ل٣٦**

جەنگی زمان شوێنێکی زۆری لە فەزای دەقەکاندا داگیر کردووە. زمان بە هەموو سیفات و خەسڵەتە فارماکۆنیەکانییەوە، لە دواجاردا گۆڕی هەمیشەیی بوونە. ئێمە لە نێو بوونی زماندا دەژین و لە نێو بوونی زمانیشدا ماڵئاوایی لە بوونەوەر و جیهان دەکەین. کێ دەتوانێت دەسەڵاتە فارماکۆنییەکانی زمان تێک بشکێنێت؟ ئەوەی زمان دەیدرکێنێت، مەبەست لە شتێکی ترە؛ تێکستیش لە نێوان ژەهر و دەرمانی زماندا دەخولێتەوە و ئەوەی دەری دەبڕێت، لە گوزارە بەولاوە شتێکی تر نییە، واتە کردەی نووسین هەمیشە لە نێوان ژەهر و دەرمانی زماندا خول دەخوات و گینگڵ دەدات:

**ئەگەر مردم**
**لە گۆڕستاندا مەمنێژن:**
**من لە وشەدا نێژراوم. ل٣٨**

هەندێک جار، توانایی شیعر سنووری نیگەرانییەکانی بوون دەبەزێنێت و چرکەکانی بێزاری و بێ موبالاتی و هیچگەرایی خۆی دەنووسێتەوە:

**(بەشدار) دەرگەکە بکەرەوە**
**بیکەرەوە و بە (دڵخوان) بڵێ:**
**مەهێڵە ئەم پیاوە لارە**
**بە گالیسکەی بێتاقەتی و**
**بە شەمەنەفەری کاغەزی و**
**بە کتێب و ڕۆژنامەوە بگەڕێتەوە ماڵ. ل٤٠**

**دەرگەکە بکەرەوە**
**هەر خۆم و قومێک سیگارین**
**هەر خۆم و قولانجێک ئاوەدانین**
**هەر خۆم و پیاوێک لە هیچ**
**هەر خۆم و خۆم. ل٤٠**

داهێنان ڕەگێکی لە شێتییە، زۆربەی شاعیرانی دنیا لەگەڵ وەهمە جوانەکانی خۆیاندا دەژین و ڕەگی بەختەوەری، یان شادی لە یارییە زەینیەکاندا دەدۆزنەوە، کەم شاعیر هەیە گوێی لە گلەیی و گازندەی هاوسەرەکەی نەبووبێت؛ کاتێک بە ڕاشکاوی پێی دەڵێت: تۆ هەر کتێبت هەبێت، بەسە!

بە بۆچوونی من، کردەی نووسین، بە تایبەتیش شیعر، گیرخواردن و تووشهاتنی بوونی مرۆڤە بە تەڵەکانی واتای بوون، ئەگەرنا فەرامۆشکردنی سۆزی زارۆک و فەرزەندەکان لەسەر حسێبی شیعر (کردەی ئالۆسکاوی نووسین) بە کارێکی پەسەند و پۆزەتیڤ دانانرێت، بەڵام شاعیر زۆر جار پێی خۆشە لە تەنیاییەکی ڕەهادا بیربکاتەوە و لە ڕێگەی ڕامانەوە گەمە زەینییەکانی خۆی بنووسێتەوە، ئەمەش وابەستەی ڕێککەوتێکە، کە بوونی شیعر تووشی جۆرێک لە هەستی ئیستێتیکی و نیگەرانی ئۆنتۆلۆژی کردبێت؛ لەم بارەیەوە (ژۆژ باتای) دەڵێت: «ئێمە بۆ ئەوە دەنووسین، هەتا شێت نەبین»، کەواتە شیعر چرکەکانی شێتی دەنووسێتەوە:

**لێم گەڕێ با لە لووتکەی منداڵییەوە**
**خۆم و خەیاڵیشم هەڵدەم**
**تا دەکەومە ژێر دوا بینینی تارمایی**
**ئەم هاوڕێیە بۆهێمیانە**
**تا لەوێوە**

**لە دوای مارشی گریانی هۆزە ڕووتەکان**
**پووش و پەڵاشی ئەبەدییەت بسووتێنم**
**با لە ژێر کەپری ئەم بوونە**
**بۆ هەرگیز نەحەسێمەوە. ل٦٠ و ل٦١**

**هەوا دەخنکێ**
**(با) وەک گورگ بە بەر دەرگەی ماڵەکانمان**
**تێ دەپەڕێ.**
**کەس گوێ لە وڕەی لەتبوونی ڕستەیەک ناگرێت**
**منیش ناچمە پرسەی کوردایەتیم. ل٦٦**

**ئاهەکان وەک ڕەوە ڕیشۆڵە**
**لە ژێر قەمسەڵەکەم دێنە دەر.**
**وشەکان وەک کۆتر لە نێو دەستم ڕادەپسکێن.**
**گوناهەکان لە بەردەم نێڵەکانی کوانوو**
**ئاگر دەکەنەوە.**
**تۆش هەڵدەلەرزیت بە دیار بێتاقەتیمەوە.**
**ل٦٦ و ل٦٧**

**هەر خۆم و بێهوودەیی**
**لە شەقامەکانی هەرەسدا پیاسە دەکەین**
**چتاقیشمان بە یەکتری قابیل نین. ل٧٧**

ئەوە خوێنەری وەرگرە لە پشت، یان ئەودیو پەیڤەکانەوە سیگار دەکێشێت و لە نێوان چێژ وەرگرتن و لێڕاماندا دەتلێتەوە و خەریکە وەک هێرمینۆتیکییەکی بوونگەرا، ئاماژە نەگوتراوەکانی دەق ڕاڤە دەکات و دەلالەتە تایبەتەکان دەدوێنێت و جۆرێک لە مانا بە جوانییەکانی جەستە و بوون دەبەخشێت، دواتر چرکە ئیرۆتیکییەکان ئاوێزانی تۆرەکانی دڵەڕاوکێ دەکات:

**لە نێوان پەنجەکانمەوە**
**بۆنی سیگار دێت**
**لە نێوان هەردووکیشمانەوە**
**بۆنی کەسێکی دی؛**
**بە خەمخواردن لەو کەسە**
**قاڵ نابم**
**بەم بۆنە دووردەستەی پەنجەم؛**
**هەمیشە مەست. ل٧١**

لە لایەکی دیکەوە، عیشق بزوێنەری سەرەکی کردەی نووسینە و پشکۆی ئەو ئاگرە شین و نادیارەیە، کە زمان بە تەزووەکانی حەز و تاسە و شەیدای و هەستی جوانی، بارگاوی دەکات:

**غەریبی بۆنی هەناسەت دەکەم**
**هێندە بەسە**
**پێڵووەکانم داخەم و بتبینم. ل٨٥**

یان ئەو دەمەی نوستالیژیا ئاوێتەی چرکەکانی دڵەڕاوکێ و غەمگینی دەبێت، شیعر دوایین پەناگەی بوون و دوایین پانتایی دەربڕینەکانی خودە، زەمەنێکی لەدەستچووی لێوانلێو لە حەسرەت و هۆگری و خەفەتی شیرین؛ شیعر چرکە نوستالیژیاکان لە بۆتەی زەمەنی ئێستادا دەتوێنێتەوە، ئێمە لە ئێستادا دەژین و لە ئێستادا گۆرانی دەچڕین و لە ئێستاشدا ئیرۆتیک دەکەین؛ بوونی من، بوونی شیعرە و وابەستەی ئێستایە:

...

**سەفەر ناکەین بۆ هیچ کوێیە**
**کاتێک شنە پاڵتۆی کەسک دەکاتە بەر**
**پاییزی لێوار پەنجەرە**
**بەرخی نێو قاڵییەکەی دایکم دەباعێنێ**
**دەباعێنێ و**
**لەنگەرگرتنی خوڕڕەکە، کەم و کەمتر دەبێتەوە.**
**ئەز دەمگەلێکە دەزانم**
**ئەو ئاوە دێ،**
**بە تام و بۆی جیاوازەوە**
**بەڵام ئەوە تازە بزانم**
**زانین تەنها ئەمە نییە**
**ئەوەشە کە دەری ببڕی وەک زانینکار. ل٨٨ و ل٨٩**

ئەو هەستە ئۆنتۆلۆژییەی خود نەبوایە، نە

شیعر بوونی دەبوو، نە عیشق، نە جوانیش؛ ئەی ئەو کاتانەی دازاین بە دوای واتای بووندا دەگەڕێت و خۆی لە نێو پەرژینە شینەکانی نیهلیستگەراییدا دەدۆزێتەوە و خەریکە مەرگ کەلەبەرەکانی بوون پڕ دەکاتەوە و واتایەکی شین بە سەیر و ورەی ژیان دەبەخشێت:

**ئەمشەو سبەی دەنووم لە پاڵ**
**تەمی زەمەنی مردوودا**
**لەوێ بۆ خۆم تاریکی کۆدەکەمەوە**
**هەڵوەرینم دەسووتێنم**
**قل قل باڵم دەردەهێنم**
**هەمووشیان دەکەم بە سیگار**
**دوو دوو بە دیار ئەوینەوە دەیانکێشم؛**
**ئاهەکانم.**
**گیرفانی ئاو تژی دەکەم**
**لە خەونی نەبینراو**
**سەوڵی دەستە شکاوەکانم**
**دەنێمە نێو زەریای خەم و**
**دێم و دەڕۆم**
**تا نێوەندی تۆ و من و خۆم.**
**لە کێدا نیشتەجێ ببم، ئەی بێکەسی؟**
**– لە تۆ یان زەمەن، یان لە تەم؟**
**– لە (با)، یان هەور، یان لە چی؟**
**– لە شوێن، یان مانا، یان سەبر؟**
**– دە پێم بڵێ؟**
**– لە هیچ کوێیەک. لا٩٠ و لا٩١**

(ڕابەر فاریق) بە ڕیتمێکی غەمگینی ناوەکی، ڕستە و دەستەواژە شیعرییەکان دەردەبڕێت، زۆر جار بۆند و پێوەندییە ئاساییەکانی نێوان شتگەلەکان دەگۆڕێت و شتگەلەکان لە ڕستێک پێوەندیگەلی نوێ و جیاوازدا دەدرەوشێنێتەوە، بە بێ ئەوەی تێکست توخمی شیعرگەرایی لە دەست بدات؛ ئەمەش وێڕای هەڵدانی وێنەگەلێکی دەگمەن و ئاوەژووی شیعری:

**من بوومەتە نیگەرانی**
**بوومەتە تۆزی نێو کتێبە نەکراوەکان**
**بوومەتە ڕەفەی هەڵمی نسکافە؛**
**قەفەزێک: هەڵواسراو بە ئاسمانەوە. لا٩٧**

**سەرم دەکێشم بە دیواری چۆڵەوانی**
**کاغەز ئاودەدەم بە وشە**
**پاڵم ناوە بە بۆشایی**
**لەسەر دۆشەکی ئاو ڕاکشاوم**
**قوڕ بۆن دەکەم و تەلیسمێک دەڵێت:**
**(قوڕ نەما بیکەی بە سەری نەهامەتیتدا؟:) لا١٠٠**

**بە ڕووتی دەچم بۆ بازاڕ**
**ڕەسم لەگەڵ یادگار دەگرم**
**بە شمەکی تەنیایی. لا١٠١**

یان ئەو دەمەی ئەڤین لە دەریاچەی ئیرۆتیکدا خۆی دەردەخات و جوانییەکانی جەستە وێنەیەکی تنۆکە ئاو، ژیان پڕ دەکەن لە نەشوە و شیعر بۆنی مەمک و ستیان و شەراب و دووکەڵە شینەکانی عیشقی لێ دێت:

**بۆ من بەسە نامەی ئاو بۆ باران بەرم**
**بە گازێک**
**بەفر بەرمەوە سەر تایەفەی تامی شەراب**
**لە ژێر خەونی ستیانتدا**
**مەمک ڕووتم بکاتەوە.**
**بۆ من بەسە**
**قاسیدی نێوان دووکەڵی عەشق و**
**تەمی پێکەنین بم.**
**تەم دەکێشم و**
**قابلەمەی گریانم پڕە لە دەنکە هەڵووژەی پلیشاو**
**ئاو بە شمەکی سەوزەوە**
**لە بەردەم لەرەی فێنکی گومانم هەڵدەوەرێت**
**هێشتا برینی ئازارێکم بۆ تیمار ناکرێ**
**ئاخر**
**من وابەستەم بە ئاژاوەی خاکی**
**بە هەڵقوڵینی لە ناکاو. لا١٠٤ و لا١٠٥**

**له کۆڵانی تەنیاییدا چاو له قەرەباڵغی دادەگرم**
**به سەوزی**
**له نێو دەنکێک فستقدا**
**تامی ماچێک دەدۆزمەوە. ل١٠٦**

**به کوپێک تریفه مەست نابم. ل١٠٨**

بەر لەوەی له دەقی (ئەمشەو ئێوارەیە ئەمشەو) بدوێم، کە بە ڕیتمێکی هێجگار غەمگین نووسراوە، پێم باشە چەند برگە و دەستەواژەیەک لە هەمان سەرچاوەی پێشووەوە وەرگرم، کە پێوەندی بە گەڕانی خود و چارەنووسی (دازاین)ـەوە هەیە. هایدگەر پێی وایە: «مردن دوا پرۆژەی حەتمی بوونە و مرۆڤ بە کۆتایی دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی مرۆڤ دەمرێت، ئەوە بە نیگەرانییەوە لە نێو جیهاندا و لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەژی و واتا بە بوونی خۆی دەدات»، هەروەها پێی وایە: «ئەگەر دازاین سەربەستانە پرۆژەکانی بوونی هەڵبژێرێت، ئەوە بوونێکی ڕەسەنی هەیە و داگیر نەکراوە»، لە هەمان کاتدا، لە لای هایدگەر و بوونگەراکانەوە، ئەنتۆلۆجی لە ئەپستمۆلۆجی لە پێشترە، دووەمیان پشت بە یەکەمیان دەبەستێت، چونکە بوون بنەڕەتی هەموو شتەکانە: من لەم ڕوانگەوە لە تێکستی (ئەمشەو ئێوارەیە ئەمشەو) دەڕوانم، چونکە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە تراژیدیای بوون دەدوێت و دەزانێت بوونی ڕەسەنی دازاین، بوونێکی نیگەرانی بێ ناسنامە و بێ ئاگامەندە، یان بوونێکی بێ نێوەڕۆک، کە هەمیشە لە گۆڕاندایە، هاوکات ئەو بوونە ڕەسەنە، کە ڕووی لە کۆتایی و بڕانەوەیە، بوونێکی جیاواز و تایبەتمەندە، دەیەوێ لە ڕێگەی داهێنانەوە، واتا بە بوونی خۆی ببەخشێت، بەڵام دواجار مەرگ دوایین واتای پێ دەبەخشێت و بۆشایی و کەلەبەرەکانی بوونی پڕدەکاتەوە.

تێکستی (ئەمشەو ئێوارەیە ئەمشەو) گەمە ئیستێتیکییەکانی بوونی ڕەسەنە لە نێو پانتاییەکانی ژیان و تراژیدیاکانی بووندا وێڵی دەسگیرکردنی واتای بوونە، بوونی دازاینیش ڕاشکاوانە دڵەڕاوکێکانی دەنووسێتەوە و ڕیتمێکی غەمگین لە میان کۆمەڵێک وێنەی دەگمەنی شیعری و دنیابینییەکی جیاواز، خوێنەری وەرگر بەرەو بازنە شینەکانی هێرمینۆتیکا، ڕادەماڵێت، پێشی دەڵێت: بوونی نیگەران، دازاینێکی بڕاوەیە و پێویستە مرۆڤ لە میان زیندانەکانی زمانەوە، بوونی خۆی بنووسێتەوە، چونکە کردەی نووسین واتابەخشە بە بوون و بە ژیان.

ئێمە لە جیهاندا دەژین و لە جیهانیشدا ماڵئاوایی یەکجارەکی لە بوونەوەرەکان دەکەین، بەم هەستە ئۆنتۆلۆژییەش، لە بوونەوەر و ژینگە و دەوروبەر و هەبووە نەگۆڕەکان دەڕوانین. خود، لە دەقی (ئەمشەو ئێوارەیە ئەمشەو)دا بە حەسرەتەوە چرکەکانی عیشق و جوانی و بێهوودەیی دەنووسێتەوە:

**ژیان هیچ نییە هیچ**
**جگە لە خەیاڵ و**
**لە سەفەر و**
**لە شێتی. ل١١٦**

**دەمێکە دوا قومی سیگاری ژیانم کێشاوە**
**کەچی باخ سڵاوم لێ دەکات**
**ئەستێرە دەڕژێتە گیرفانمەوە. ل١١٦ و ل١١٧**

**هێشتا**
**نە قومێک خەندەم خواردووەتەوە**
**نە مەستبووم بە وشە**
**بە وەهمەوە سەرقاڵم**

وەهمم و
ئاگرێکم
وەڕسم لە نێڵە نێڵی خۆشبەختی.
تەنها خەم شک دەبەم بۆ دڵدانەوە
تەنها خۆم و
تەنها جانتا و
تەنها هیچ. ل١١٧

سەرم سەرینی بێدەنگی
زمانم چیمەنی پاییز. ل١١٨

چەرخەکانم ڕۆیشتن
بوون بە جادە
جادەی خۆڵەمێشی هەوا
جادەی پەژمووردەی ڕیتمی هەڵقولانی ئاو. ل١١٨

ئەی عەدەم
چاوم بترووکێنە چوون دەنکێک توو
مەهێڵە ئەم چارەگەی عەرەقی فەلی سەما
هەڵدەم. ل١١٩

من، پیاوێکم ون
لە نێوان خۆم و نەبوون و بووندا. ل١٢٣

ڕەنگە
ژیان لە مردن
مردن لە ژیان
لە هەردووکیاندا من هەبم.
ژیان و مردن تەپڵە و سیگارن
نە ئەم بە بێ ئەو
نە ئەو بە بێ ئەم
نە منیش بە بێ هەردووکیان
هەڵدەکەن و هەڵدەکەم. ل١٢٢

من دەمزانی و جار جارە خەیاڵ دەیبردمەوە و زەینم بۆ ئەوە دەچوو، کە بەهرەیەک بەڕێوەیە و دێت؛ ڕۆژێک دادێت لە وڵاتی ئێمەدا بەهرەیەکی شین و شێت و شاراوە دەردەکەوێت و بە پێشمەرجییەکی ئۆنتۆلۆژی دڵەڕاوکێکانی (بوون) دەنووسێتەوە و لەودیو پەیڤە نەگوتراوەکانەوە سیگار دەکێشێ و تلیاکی وشە ئاوێزانی ناوکۆیی ڕستەکان دەکات و جیهانبینییە جیاوازەکانی هەڵدەداتە چەقی جیهان و کەینونەی پاسەوانانی شیعر و کولتوور دەلەرزێنێت؛ چەند جوانە ئەگەر ژیان و بوون و مەرگ مەودا بدەن ئەو توانستە ئۆنتۆلۆژییە زیاتر ئاوێتەی تیشک و پرشنگە ئەپستمۆلۆژییەکان ببێت و سەرتاپای ژیانی بۆ شیعر و عیشق و جوانی و کێشە مرۆیی و بوونگەراییەکان تەرخان بکات.

من دەزانم کەسێک لە پشت ئەم پەیڤانە عاشقانە سیگار دەکێشێ و تلیاکی پیت ئاوێتەی کراکی ڕستە و مۆرفینی زمان و حەشیشی جوانی دەکات و چرکە ڕەمەکی و خۆرسکەکانی بوون و شیعر دەنووسێتەوە؛ ئاگرێکی جوانە ژیان، مەرگیش وێرانەیەکی بێ کۆتا، لە ئاو...

سەرچاوە:
کتێب: کەسێک لە پشت ئەم پەیڤانە سیگار دەکێشێ
نووسەر: ڕابەر فاریق
بابەت: شیعر
نەخشەساز: لوقمان ڕەشیدی
چاپخانە: ڕۆژهەڵات
چاپ: یەکەم/ هەولێر ٢٠٠٩.